# زمانزانیو زاراوەناسیو بیبلیۆگرافیای سەقەت

## زمـــانزانـــی

وەك وتم بەرگی پشتەوەی کتێبەکە ئەوەی لێ نووسراوە کە دوکتۆر ژمارەیەك زمان دەزانێت. ئەمەش زمانەکانە: ((زمانە ئەوروپاییەکانو ئاسیاییەکان، سلاڤیو جەرمانیو ئەنگلۆساکسۆنییەکانو هیندۆ ئێرانییەکانو سامییەکانو تورکی ئەمەش جگەلە چەند زمانێکی فەوتاو)).

ئەگەر ئەم لیستەش ورد بکەینەوە ژمارەی زمانەکان لەپەنجا تێپەردەکەن چونکە کە دەوترێت زمانە سلاڤییەکان ئەمە زمانەکانی رووسیو پۆڵۆنی.. تاد دەگرێتەوە، زمانە جەرمانییەکانیش جگە لەئەڵمانی زمانی هۆڵەندیو دانیمارکیو سویدی.. دەگرێتەوە.

زمانە هیندۆئێرانییەکانیش لەهندستانەوە تا کوردستان درێژدەبنەوە، زمانی فەوتاویش زمانی سومەریو ئەکەدیو خوریی..تاد دەگرێتەوە.

ئەگەر قەناعەت بە خۆمان بکەین کە نووسەر هەموو ئەم زمانانە دەزانێت ئەو کاتە دان بەو سامانە گەورەیە دەنێین کە ئەگەر هەر کەسێك خاوەنی بێت دەتوانێت باشترین لێکۆڵینەوە بنووسێتو سەرچاوە نەمێنێت لێی عاسی بێت، بەڵام ئەگەر قەناعەتمان بەوە نەبوو ئەو کاتە هەقمانەو هەقی هەر خوێنەرێکە لەمە دڵنیابین.

بۆ خۆم وەڵامەکەم زۆر ئاسان دەستکەوتووە، سادەترین بەڵگەش لەسەر ئەوەی نووسەر ئەم زمانانە نازانێت یاخود بابڵێین لەدوو یان سێیان تەنها نەختێك دەزانێت شێوازی نووسینی ناوەکانە، پاشان بەڵگەی گرنگتر دەبینین.

سەرەتاش با چەند نموونەیەکی سادە بهێنمەوە تا مەبەستەکە لای خوێنەر ڕوونتربێتەوە:

کاتێك کەسێك ئیددیعای زانینی زمانی ئینگلیزی بکات بەڵام وشەکانو ناوەکان بەهەڵە دەخوێنێتەوە گومانت لەو ئیددیعایە بۆ دروست دەبێت ، بۆ نموونە وشەی cut بە (سوت) لەجیاتی (کەت) بخوێنێتەوە یان بە ئایسice بڵێت (ئیکی)و وشەی role بە (رۆلی) بخوێنێتەوە، ئینجا هەڵەکان یەكو دوانیش نەبن.

راستە ئەو کەسانە هەن کە لەکتێبەوە فێری زمان دەبن بێ ئەوەی لەفزی لەگەڵدا فێربن بەڵام ئەمانە زۆر دەگمەنن، چونکە تەنانەت ئەوانەش کە بەهۆی کتێبەوە فێری زمان دەبن هەنگاو بە هەنگاوی فێربوونیان شارەزا دەبن لەخوێندنەوەی وشەکان.

نووسەر ناوەکان بەشێوەیەك دەنووسێت هەر کەسێك زانیاریی سەرەتایی لەو زمانانە هەبێت وایان نانووسێت،ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن، زۆربەشیان ناوی کەسین:

١- با لەزمانی ئینگلیزییەوە دەست پێبکەین کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك لەجیهاندا دەیزانن. نووسەر بە درێژایی کتێبەکەیدا (ل١٣٤، ١٦٦ ، ١٦٨ و زۆر لاپەرەی تریش) بۆ زاناو ئاشۆرۆلۆگ سایس Sayce دەنووسێت (سایك) کە دیارە ئەوانەی کەمێك زمانی ئینگلیزی دەزانن ئەوە دەزانن کە پیتی c بە (س) دەخوێنرێتەوە ئەگەر یەکێك لە i, e, y هاتە دوای. دوکتۆر هەروەها میك Meek بە (مایك) ناو دەبات (بۆ نموونە: ٤٦٣/١). نووسەر هەروەها بۆ یەیل Yale کە زانکۆیەکی ناوداری ئەمەریکییە کە ژمارەیەك نووسراوی بڵاوکردۆتەوە لەبارەی شوێنەوارو نووسینی وڵاتی دووڕووبار دەنووسێت (یالی).

٢- نموونەش لەسەر زمانی فەرەنسی : دوکتۆر بۆ ناوی لارۆش Laroche دەنووسێت (لاروخی) (١/ل١٥٤پ ٧٨). بۆ دیهوسێ (Duhousset)[١] دەنووسێت (دوسی) (١/ل٢٤٠) یان دوهوسیتو بۆ روفییێ Ruffié دەنووسێت روفی (ل٢٤٦) (عەرەب لەم حاڵەتەدا دەنووسن روفییە)و بۆ شانتر Chantre دەنووسێت شانتری (ل٢٤٦)و بۆ تورۆ-دانجان Thureau–Dangin دەنووسێت ثیورودانجن (بۆ نموونە ل٤٩٦) یان ثیورو دانجین (ل٤٩٧) کە یەکێك لەسادەترین زانیارییەکانی زمانی فەرەنسی ئەوەیە دەنگی (ث)ی تێدا نییەو th بە (ت) دەخوێنرێتەوە.

٣- خوێندنەوەی وشەو ناوە ئەڵمانییەکانیش ئاسانترە، ناوی بۆمەر Boehmer لای نووسەر دەبێتە (بوهمر) (٤٩٦/١). زانیارییەکی سادەی زمانی ئەڵمانیش ئەوەیە h ی پاش ڤاوڵ ناخوێنرێتەوەو تەنها ئەو ڤاولە درێژ دەکاتەوە.

بۆ زاخاو Sachau یش دەنووسێت سخاو (بۆ نموونە١/٦٠) کە دیسان زانیارییەکی زۆر سادەی زمانی ئەڵمانی ئەوەیە (s) ی پێش ڤاوڵ دەبێتە (ز)،بۆ شرادەرSchrader یش دەنووسێت شرایدر (بۆ نموونە١/ل٤٧٣پ ٦٦).

ڕەنگە ئینجا بوترێت: بۆی هەیە دوکتۆر نەزانێت نەتەوەی ئەو کەسانە چی بووە بۆیە ڕەنگە ئەو کەسەی ئەڵمانییە بە ئینگلیزی زانیوەو ئەوەی فەرەنسییە بە ئەڵمانی..تاد ئەم قسەیەش تەواو هەڵەیە چونکە یەکەم: بەشێکی ئەو ناوانە بە هیچ زمانێك بەو شێوەیە ناوترێن، بۆ نموونە زاخاو Sachau نە بە ئینگلیزیو نە بە ئەڵمانیو نە بە فەرەنسی پێی ناوترێت (سخاو). پاشان شێوازی ناوەکان زمانی خاوەن ناوەکە ئاشکرا دەکەن بۆ نموونە دیارە زاخاو Sachau نە ئینگلیزەو نە فەرەنسی. لەوە خراپتریش ئەمەیە:

نووسەر نەك تەنها ناوی ئەو کەسانەی تۆمار کردووە بەڵکو هەروەها ناوی ئەو بابەت و کتێبانەشی نووسیوە کە بەرهەمی دەستی ئەوانن. ئەم کەسانەش بە زمانی خۆیان شتیان دەنووسی مەگەر کەم جار نەبێت زمانێکی تریان بەکار هێنابێت.

شێوەی هەڵەی نووسینی ناوەکان تەنها یەك بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نووسەر چەند لەو زمانانە شارەزایە، بەڵگەی تریش ئەمانەی خوارەوەن:

١-(ل١/ل٥٧٢/پ٤٨): نووسەر دەڵێت کە سەردەمی فەرمانڕەوا یەکەمەکانی شاری (ئور) تەواو بوو بەهۆی هێرشی ئەو ئێلامییانەی لە(ئاوان)ەوە هاتبوون، ئەمەش بە ئینگلیزی بەرامبەر بەو قسەیە دەنووسێت:

**Awan by weapons was smitten, its kingship passed to Kiš.**

زانیارییەکی زۆری زمانی ئینگلیزیشی پێ ناوێت تا بزانین ئەم رستەیە ئەوە دەڵێت کە (ئاوان) لێدرا نەك (ئور)- کە تەنانەت ناویشی لەو رستەیەدا نەهاتووەو پادشایەتی بۆ (کیش) چوو نەك بۆ ئێلامییەکان!

نموونەیەکی تر: نووسەر (١/٥٥١-٥٥٢) دەقێکی (لیستی سومەریی پادشایان)[٢] بە ئینگلیزی نەقڵ دەکات کە ئەمەی تێدایە:

**The horde of Gutium[3]**
**<was smitten by weapons>**

ئەم کلێشەیە، واتە: فلانە شار یان وڵات بە چەك لێدرا، لێرەشدا باسی ((کۆمەڵانی گوتیوم)) کراوە، کلێشەی دووبارە بووی لیستەکەیە کە بە کورتی بەم جۆرەیە: شار یان وڵاتی(س) بە چەك لێدراو پادشایەتییەکەی چوو بۆ شاری یان وڵاتی(ك)، ئینجا لیستەکە ناوی پادشایانی ئەم (ك)ـەو ماوەی حوکمیان تۆمار دەکات پاشان دەنووسێت:

---

[١] (ی) ی یەکەم لەم ناوەدا کە بەرامبەر u ـە یایەکی پوخت نییە بەڵکو (و)ی تێهەڵکیش کراوە.

[٢] ئەم لیستە لەناو زانایاندا بەم ناوە، واتە لیستی سومەریی پادشایان Sumerian King List ناسراوە.

[٣] واتە ((کۆمەڵانی گوتیوم)) دوکتۆر بە ئینگلیزی بە فۆنتی رەش نووسیویەتی واتە کردوویەتی بە ناوونیشانو وەرینەگێراوە.

(ك) به چەك لێدراو پادشایەتییەکەی برا بۆ شوێنی (ل)و ناوی پادشایانی (ل)و ماوەی حوکمیان تۆمار دەکات.. بەم جۆرەش بەردەوام دەبێت. دوکتۆری خۆشمان بۆ دوو دێڕەکەی سەرەوە زانیمان کە بەشێکە لە کلێشەکە دەنووسێت: ((القوة مع الاسلحة)) ، واته ((به چەك لێدرا))ی به ((هێز لەگەڵ چەکدا))ی وەرگێڕاوە.

جگە لەو دەقە ئینگلیزییە کەمانەی کە نووسەر نەقڵیان دەکاتو لە هەمان کاتدا دەیانکاتە عەرەبی، نووسەر دەقی زۆر زۆرتری بە ئینگلیزی هێناوە بێ ئەوەی وەریگێڕابن، ئەمەش کاتێك دروستە کە خوێنەران بەتێکڕا ئەو زمانە بزانن بەڵام دیارە بۆ کتێبێکی وا ئەمە ڕاست نییەو هەموو خوێنەرێکی کتێبەکە ئینگلیزی نازانێت.

دواتر لەموناقەشەی زانیارییەکاندا نموونەی زۆرتر دەبینین لەبارەی ڕادەی شارەزایی نووسەر لەزمانی ئینگلیزی کە بێگومان شتێکی لێ دەزانێت، بەڵام بەو ئەندازەیەی وەرگێڕانێکی سەقەتمان بداتێ.

٢- نووسەر بۆ ئاماژە بۆ وشەی ((لاپەڕە)) لەسەرچاوە ئەڵمانییەکاندا جارێك دەنووسێت s و جارێك p . ئەوەی ڕاست بێت پیتی (S.) ئاماژەیە بە ئەڵمانی بۆ لاپەڕە (Seite). واتە بۆ لاپەڕە ٢٠٠ دەنووسرێت S.200 لەکاتێکدا (p.) ئاماژەکەیە لەسەرچاوە ئینگلیزیو فەڕەنسییەکان[٤]. ئەم بەکارهێنانەی هەردوو جۆرە ئاماژە لەناوی سەرچاوە ئەڵمانییەکاندا گومانی ئەوەمان بۆ دروست دەکات کە نووسەر ئەو سەرچاوانەی نەدیوەو ئەم دوو جۆرە ئاماژەیە نیشانەن لەسەر ئەوەی زانیارییەکانی لەسەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرتوە بەڵام لەجیاتی ناوبردنی ئەو سەرچاوانە ڕێك پەراوێزەکەی نەقڵ کردووە کە سەرچاوەیەکی ئەڵمانییە، ئیتر ئەگەر ئەو سەرچاوەیە ئینگلیزی بوو بێت ئەوا (p.) نووسراوەو ئەو وای نەقڵ کردووە، ئەگەر ئەڵمانیش بوو بێت (S.) نووسراوەو ئەو ئەمجارە ئەمەیانی نەقڵ کردووە. دیارە دوکتۆر بەشی ئەوە ئەڵمانی دەزانێت کە ناوی سەرچاوەکان بنووسێتەوە، بەڵام ئەو ئەندازەیە بەشی ئەوە ناکات کە باش لەنووسینە ئەڵمانییەکان تێبگاتو بەشی ئەوەشی تێدا نییە ئەو سەرچاوانە بخوێنێتەوە کە ناوی بردوون.

٣- بۆ زمانی فەڕەنسیش ئەم نموونەیەمان هەیە: نووسەر (٤٩٧/١) باسی ناوچەیەك دەکاتو دەڵێت : ((..دووەمیش بۆ ئەوەی لەدەوڵەتۆکەیەکی تر لەبەرزاییەکانی زاگرۆسدا جیابکرێتەوە کە بەناویvis-à-vis ناسرابوو)).

کەسێکیش شارەزاییەکی کەمی لەبارەی فەڕەنسییەوە هەبێت یەکسەر دەزانێت vis-à-vis پێکهاتێکی فەڕەنسییە تەنانەت ئەگەر واتاکەشی نەزانێت. ئەو تەعبیرە بە فەڕەنسی واتای (بەرامبەر)ـە و ناوی دەوڵەت یان دەوڵەتۆکە نییە.

هەرچۆنێکیش بێت پێویستمان بەم نموونانە نییە تا گومان بکەین کە نووسەر ناوی سەرچاوە ئەڵمانیو فەڕەنسییەکانی لەسەرچاوە ئینگلیزیو عەرەبییەکانەوە وەرگرتووە چونکە نەك گومان بەڵکو بەڵگەی تەواومان هەیە کە نووسەر ئەمەی کردووە.

٤-سەبارەت بەو زمانە فەوتاوانەش کە بەرگی کتێبەکە دەڵێت نووسەر شارەزایانە نموونەی زۆر هەن کە پێچەوانەی ئەمەیە، ئەمەش بەشێکە لەبەڵگەکان:

<u>یەك:</u> چەند ڕاستییەکی زۆر سادە هەن کە پێویستیان بە شارەزاییەکی زۆری ئەو زمانە کۆنانە نییە ئەوانیش هێماگۆڕینو خوێندنەوەی ناوەکانو وشەکان. مەبەستمان لەهێماگۆڕین transliteration یان transcription ئەوەیە دەقێك بە ئەلفوبێیەك نووسرابێتەوەو هەمان دەق بە ئەلفوبێیەکی تر بنووسرێتەوە، لێرەدا کارمان بە گۆڕینی دەقەکانە لەخەتی مێخییەوە بۆ ئەلفوبێی لاتینی (ئەمەش وەرگێڕان نییە چونکە وەرگێڕان گۆڕینی دەقەکەیە نەك دەنگەکان).

---

[٤] بۆ خۆم ئەگەر گۆڤارەکە ئەڵمانی بوو بەڵام بابەتەکە تێیدا ئینگلیزی یان فەڕەنسی بێت لەجیاتی (S) دەنووسم (p.). پیتی S یش کە لەگەڵ سەرچاوەی ئینگلیزیی (ARAB)دا هەیە واتای Section واتە (بڕگە)ی هەیە نەك لاپەڕە.

لەهێماگۆڕیندا دەبینی پیتی j بەکاردێت بەلام خەتی مێخی هێمای نییە بۆ دەنگی (ج) لەبەرئەوە ناوێکی کۆن نابینی دەنگی (ج) تێداهەبێت، لەوانەشە زۆربەی ئەو زمانانە ئەو دەنگەیان هەبووبێت بەلام نووسینی مێخی،کە داهێنانی سومەرییەکانە، ئەم دەنگەی تێدا نییە، بۆیە کاتێك ناوێك دەبینی وەك Jasim-il ئەمە (جاسم ئیل) نییە چونکە پیتی (j) تەعبیرە لە(ی)، یان راسترە بڵێین برگەی ja تەعبیرە لە(یا)و (ی)ەکەشی لێرەدا (ی)ی وەستاوە (نیوە ڤاول)، هەرکەسێکیش ئەم ناوە بە (جاسم ئیل) بخوێنێتەوە دەیسەلمێنێت کە سادەترین شتی نووسینی مێخی نازانێت چ جای ئەوەی شارەزای زمانە کۆنەکان بێت، بەلام بەداخەوە دوکتۆر ناوەکەی وا نووسیوە، واتە جاسم ایل(١/٥٧٧) .

راستییەك لەوە سادەتر ئەوەیە کە دەنگی (ھ) هەر وەکو (ج) لەنووسینی مێخیدا بوونی نییەو بە شتی تر تەعبیری لێکراوەو h لەهێماگۆڕیندا بریتییە لە دەنگی (خ)، بۆیە کاتێك پسپۆڕان دەنووسن Harhar شتێکی زانراوە کە ناوەکە بە (خارخار) دەخوێنرێتەوە نەك (هارهار)، دەنگی (خ) زۆرجار لەجیاتیی h ی سادە حەوتی دەخرێتە ژێر . ئەمە ئەو ڕاستییە سادەیە بەلام نووسەر زۆربەی کات (ھ) دەنووسێت : هالمان (١/ل٥٧١) لەجیاتیی خالمان، نینهورساگ (١/ل٣٣١) لەجیاتیی نینخورساگ.. نموونەی زۆری تریش هەن.

دوو: لەزمانی (ئەکەدی)دا پاشگری (ئوم) um هەیە کە شێوەی (ئوم) حاڵەتی (رەفع)ێتیو لەحاڵەتی (نەصب)دا دەبێتە (ئام) am لەکاتێکدا (ئیم) im دوو حاڵەتی (جەڕ)و (ئیزافە)یە. بەم جۆرە کە لەدەقێکی ئەکەدیدا ناوی (ئازوخینوم) دەکەوێتە حاڵەتی (جەڕ)،با بۆ نموونە بڵێین ڕستەی کوردیی "لەئازوخینومدا" بەئەکەدی دەبێتە: لەئازوخینیمدا I-na A-zu-hi-ni-im ، زانیارییەکی کەمیشمان لەزمانی ئەکەدی پێویستە تا بزانین کە ناوەکە لەئەسڵدا (ئازوخینوم)ـەو کە پسپۆڕان دەقەکە وەردەگێڕن دەنووسن "لە ئازوخینومدا" نەك "لە ئازوخینیمدا"[٥]، بەلام نووسەر لەدەقێکی ئەکەدیدا، ئەویش لەسەرچاوەیەکی ئینگلیزیدا ناوی وڵاتی (شوبارتیم) دەبینێت ئیتر وا دەزانێت ئەمە ناوی وڵاتەکەیە لەکاتێکدا ناوی وڵاتەکە (شوبارتوم)ـە. ئەمەش تەقریبەن وەکو ئەوەیە کەسێك کوردی نەزانێت ڕستەی "لەسلێمانیدا" ببینێتو بزانێت (دا) بەشێکە لەناوی شارەکەو ناوی ئەو شارەی لا دەبێتە (سلێمانیدا).

نموونەیەکی تر ئەوەیە کە سەبارەت بە ناوی سوبارتو (شوبارتوم، سوبارتوم، شوبارتو) دەڵێت: لەکاتێکدا دەتوانرێت لە تۆمارە مێخییەکانی پادشای ئەکەدی نارام سین بە شێوەی (شوبارتیم) بخوێنرێتەوە(دوکتۆر دەڵێت حونجە بکرێت)(١/ل١٢٦). ئەو تەعبیرانەش کە لەڕستەکەدا بەکارهاتوون هی کەسێکی شارەزای باسی مێژووی کۆنو نووسینی مێخی نییە، پاشان هەڵەیە بوترێت (شوبارتیم) چونکە ئەمە شێوەی (جەڕ)و (ئیزافە)ی (شوبارتوم)ـەو کاتێك ئەو ناوانە دەنووسین پێویستە بە شێوەی ئەسڵییان بیاننووسین کە حاڵەتی (رەفع)ـە.

سێ: بۆچوونێك هەیە کە شاری زابان Zaban لە وڵاتی سیمورروم Simurrum دا بووە[٦]. لە نووسینی مێخیشدا وا باو بوو بۆ هەر ناوێك وشەیەك هەبێت کە جۆری ئەو شتە دەستنیشان دەکاتو پێش ئەو ناوە دەنووسرێت (کە بەکوردی ناوی دەنێم نیشانکەرەوە). نیشانکەرەوە بۆ وڵات هەیە (بە سومەری دەخوێنرێتەوە "کور"و بە ئەکەدی "مات")، نیشانکەرەوەش بۆ شار هەیە (بە سومەری دەخوێنرێتەوە "ئورو"و بە ئەکەدی "ئال")[٧]، مرۆڤی نێر نیشانکەرەوەی هەیەو مێ هەیەتی، نیشانکەرەوە بۆ درەختو شتی تەختە هەیەو بۆ باڵندە هەیە..تاد. ئەو نیشانکەرەوەیەش بە هێمایەکی مێخی دەنووسرێت کە دەکرێت بە سومەریشو بە ئەکەدی بخوێنرێتەوە. ئینجا لەبەر

[٥] لەهێماگۆڕیندا ناوەکە چۆن هاتووە وا دەنووسرێت واتە لەم حاڵەتەدا دەنووسن: ئازوخینیم.

[٦] بڕوانە بابەتە وەرگێڕدراوەکەی ڤایدنەر (کە وای بۆچووبوو زابان پایتەختی سیمورروم بوو) لە کتێبەکەماندا: مێژووی دێرینی کوردستان، کتێبی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٦٨.

[٧] لەپاش ناوەکەش هێمای (کی) دەنووسرێت کە نیشانکەرەوەی شوێنە.

ئەوەی کە زابان شارە نیشانکەرەوەی شار پێش ناوی دەکەوێت کە بە ئەکەدی (ئال)ەو بەم جۆرە کە ناوی شاری زابان دەنووسرێت وای لێ دێت al Zaban یان al Zaban KI ، پسپۆڕانیش ئەو نیشانکەرەوانە بە بەرزی دەنووسن: $^{al}$Zaban$^{KI}$ . دوکتۆری خۆمان لەبەر ئەوەی ئاگای لەم شتانە نییە دەبینین ئەو $^{al}$Zaban ـە وا دەنووسێت al-Za.ban و[8] هەر واش دەینووسێت: الزابان (٥٣٢/١) وەك بڵێی (ال)ی ناساندنی عەرەبییە!

لەیادیشمان نەچێت باسی زمانی عەرەبی بکەین کە کتێبەکەی پێ نووسراوەتەوە، بەڵام ئەمیش جێگەی داخێکی ترە چونکە هەرچەندە عەرەبیی کتێبەکە بۆ کەسێکی کورد خراپ نییە، بەڵام هەڵەی هەر تێدایە بە تایبەتی لەنێرو مێ کە نموونەکانی زۆرن ئەمەش جگە لە هەڵە لە بەکارهێنانی هەندێك وشەو ناتەواویی لە تەعبیرەکان، وەك بۆ نموونە: نووسەر هەر لە یەکەم لاپەڕەوە دەڵێت: (أوعدنا) (١/ل١)، مەبەستیشی بڵێت بەڵێنمان دا، ڕاستەکەشی ئەوەیە کە بۆ بەڵێن زیاتر (وعد) بەکاردێت لەکاتێکدا (أوعد) زیاتر بەواتای (هەڕەشەی کرد) دێت. هەروەها بۆ ئەوەی بڵێت کابرا بەدەست ئەو دەستنووسەی نووسیوە دەڵێت: ((کتبها علی الید))(١٤/١پەراوێز) کە ئەمە واتای ئەوەیە ئەو کتێبەی لەسەر دەست نووسیوە نەك بە دەست نووسیویەتی.

وەکو وتم ئەمانەی سەرەوە بەشێکن لەبەڵگەکان سەبارەت بەو شتانەی بەرگی کتێبەکە لەبارەی زمانزانیی نووسەر باسی کردوون و کە ڕاست نین. بەشی زۆر گەورەتری بەڵگەکانیش لەبەشەکانی تری ئەم ڕەخنەیەمان دەخەینە ڕوو.

## زاراوەناسی

یەکێك لە نیشانەکانی شارەزایی لە هەر بابەتێك ئەوەیە ئەو کەسەی دەست دەداتە ئەو بابەتە بزانێت ئەو زاراوانەی لەو بوارەدا بەکاردێن چین و چ واتایەکیان هەیە. بەداخەوە نووسەر نەك تەنها شارەزای ئەو زاراوانە نییە کە لەبواری مێژووی کۆنی و شوێنەواردا بەکاردێن بەڵکو تەنانەت وشەی وا بەکاردهێنێت کە پەیوەندییان بەو زانستانەوە نییە، نموونەیەك لەسەر ئەوە وشەی (یومیات) واتە نووسینی ڕۆژانە ئەویش کاتێك باسی نووسینەکانی پادشای بابل حامورابی دەکات(١/ل٤٤٣) کە ئەمە وشەیەکە کەس بەکاری ناهێنێت چونکە تەواو هەڵەیە لەبەر ئەوەی پادشا کۆنەکان نووسینی ڕۆژانەیان نەبووە، ئەگەر نووسینی بەردەوامیش هەبێت ئەو کاتە دەبێتە (ساڵنامە) واتە تۆماری کاری ساڵانەی پادشا.

(پرۆتۆکۆل) وشەیەکی ترە کە نووسەر بەکاری دەهێنێت ئەویش بۆ هەمان مەبەست واتە بەرامبەر وشەی نووسینەکانی پادشایان. تەنها نووسەریش ئەو وشەیە بەکاردەهێنێت کە نە لەدوورو نە لەنزیك پەیوەندیی نییە بە نووسراوی پادشایان. زانراویشە پرۆتۆکۆل جگە لە واتای ڕێوڕەسمی تەشریفاتە چەند واتایەکی تری هەیە کە هەموویان پەیوەندییان هەیە بە ڕێککەوتنی نێوان دوو لا[9]. نموونەیەکی سێیەمیش ئەوەیە نووسەر var. بە (والاصح) واتە (ڕاستتر) دەزانێت ئەمە لەکاتێکدا var کورتەی variant ـە واتە شێوەیەکی تری وشەکە یان ناوەکە.

---

[8] جگە لەو هەڵانە شێوازی نووسینی شارەکە، واتە al-Za.ban هەڵەیەو پسپۆڕان وا ناینووسن چونکە لە هێماگۆڕیندا هێماکانی (-)و (.) واتای تایبەتیی خۆیان هەیەو بە هەڕەمەکی دانانرێن. بەهەرحاڵ دوکتۆر ئەمەی لە هێرتسفێلدەوە وەرگرتووە کە ئەمیان وای نووسیوە: āl Za.ban (ل٧٥). ئەوەی دوکتۆر لەبارەی سیموررومو زابانەوە نەقڵی دەکاتو ((دەیبات)) پڕ لە هەڵەیە.

[9] ئەمەم لە بابەتەکەی هەزارمێرددا نووسیبوو، دوایی بینیم دوکتۆر ئەم وشەیەی لای (هێرتسفێلد) بینیوەو لەوی وەرگرتووە کە دیسان بەکارهێنانێکی هەڵەیە.

بۆ نموونە ناوی پادشایەکی گوتیمان هەیە: ئێرریدوپیزیر E-er-ri-du-pi-zi-ir [١٠] کە بەم شێوەیە لە دوو نوسخەی نووسینێکدا هاتووەو لەنوسخەیەکی نووسینێکی هاوشێوەدا بەشێوەی ئێنریداپیزیر En-ri-da-pi-zi-ir نووسراوە. لەم حاڵەتدا دەنووسرێت En-ri-da-pi-zi-ir var. E-er-ri-du-pi-zi-ir واتە ((ئێرریدوپیزیر ، شێوەی تریشی: ئێنریداپیزیر)) [١١] . ئەو کەسەش کە شارەزای ئەو بابەتانەی باسی شوێنەوارو مێژووی کۆنو بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە دەقو نووسینی کۆنەوە هەیە ئەوە زۆر بەباشی دەزانێت، بەڵام نووسەری خۆمان زۆر لێرەوە دوورە! ئەو بۆ دوو شێوەکەی سەرەوەی ناوی پادشا دەڵێت:

e-er-ri-du-pi-zi-ir (والاصح en-ri-da-pi-zi-ir)، واتە:

ئێرریدوبیزیر (راستتر: ئێنریداپیزیر) (١/ل٥٤٧پ٥)!!

نووسەر (٤٣/١) وشەی بیبلیۆگرافیا بەکاردەهێنێت بۆ ناوی کەسانو شوێنەکان، کە هەموو لێکۆڵەرەوەیەك دەزانێت ئەمە بیبلیۆگرافیای پێی ناوترێت بەڵکو ئەمە (ئیندێکس)ی ناوەکانە، کە دەتوانین بە کوردی پێی بڵێین پێرستی ناوەکان. بیبلیۆگرافیاش لیستی ئەو سەرچاوانەیە کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە، هەروەها بۆ لیستی سەرچاوەکانیش بەکاردێت، پێشگری (بیبلیۆ) واتای کتێبی هەیە، ئەمەش یەکێکە لەو زانیارییە هەرە سادانەیە کە هەر لێکۆڵەرەوەیەك پێویستە بیزانێت.

دوکتۆر وشەی لیمو Limmu دەبینێت بەڵام لەبەر ئەوەی واتاکەی نازانێت بە هەڵەی وەریدەگێڕێت. لیمو وشەیەکە لە وشەی (سووڕایەوە) یان (دەروەی شتێکی دا) هاتووەو لە مێژوودا (لیمو) شێوەیەکی مێژوودانانە ئاشوورییەکان بەکاریان دەهێناو بەپێی ئەو مێژوودانانە هەر ساڵێکی حوکمی پادشاکە بەناوی فەرمانبەرێکی گەورەی دەوڵەت دەبێت (مەدەنی بێت یان سەربازی)و ئەو ساڵە بەناوی ئەو فەرمانبەرەوە دەناسرێت (یەکەم یان دووەم ساڵی ئەو پادشایە بەناوی خۆیەوە دەبێت) [١٢] . بەم جۆرەش ئەگەر بوترێت ساڵی فلانە کەس ئەوە دیارە کە ساڵی چەندەمی حوکمی ئەو پادشایەیە. ئاشوریەکانیش لیستی لیمویان هەبوو. دکتۆر بۆ ئەم لیستانەی لیمو دەنووسێت: سجلات ليمو (ضباط) شالمانصار الرابع (٤٨٨/١)، واتە تۆمارەکانی ئەفسەرانی لیمو و لەهەمان لاپەڕەدا بۆ سەرکردەیەك دەنووسێت: لەساڵی ٧٧٨پ.ز ئەفسەری لیمو بوو. [١٣]

لە سەرچاوە بێگانەکانیشدا وشەی ئیپۆنم Eponym بەکاردێت. ئیپۆنم ئەو کەسەیە کە ناوی بەکاردێت بۆ ناو شارێك یان بنەماڵەیەك..تادو بۆ ئەم مەبەستەمان لێکۆڵەرەوەکان وشەی ئیپۆنم بەکاردێنن بۆ ئەو فەرمانبەرەی ناوەکەی درابوو بە ساڵێکی پادشا ئاشوورییەکە، لەمەشەوە لەجیاتی زاراوە ئاشوورییەکەی لیمو و لەجیاتی لیستی لیمو زاراوەی لیستی ئیپۆنمەکان بەکاردەهێنن. دوکتۆری خۆمان ئەو (لیستی ئیپۆنم)ـەی لە بابەتێکی (لوویس لیڤاین)ەوە وەرگرتووەو بەپێی تێگەشتنەکەی وای وەرگێڕاوە: قائمة الشخصيات(٥٣٦/١)! ئیتر خوێنەر نازانێت ئەو لیستە چییەو ئەو کەسایەتییانە کێن چونکە نووسەر خۆی ئەمە نازانێت.

زاراوەیەکی تر کە دوکتۆر بەشێوەیەکی سەیر وەریدەگێڕێت ئەوەی بە Date Formulae ناسراوەو بریتییە لە لیستی ڕووداوە گرنگەکانی ماوەی فەرمانڕەوایی پادشاکانو ئەمە شێوازی کۆنی دانانی ساڵەکانەو تا سەردەمی

---

[١٠] لە کتێبی یەکەمی (مێژوی دێرینی..) بۆ شێوەی ئێرریدوپیزیر نووسراوە: Er-ri-du-pi-zi-ir کە ئەمە هەڵەیەو ڕاستەکەی ئەوەی سەرەوەیە، واتە E-er-ri-du-pi-zi-ir.

[١١] بۆ دەقی نووسینەکەی ئێرریدوپیزیر بڕوانە کتێبەی (فراین):

RIME,2 , p.221ff.

[١٢] بڕوانە: طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الجزء الاول.. ، ص ١٤٦.

[١٣] وا دیارە دوکتۆر وشەی official واتە فەرمانبەری بینیوەو وایزانیوە ئەمە وشەی ئەفسەرە officer.

کاشتی بەردەوام بوو بۆیە دەبینی هەر ساڵێکی فەرمانڕەوایی پادشاکە بەناوی ڕووداوێکی گرنگەوە ناوی دەنرێت و بەوەوە دەناسرێت، بۆ نموونە ساڵی بیستوپێنجەمی حوکمی شولگی (پادشای بنەماڵەی سێیەمی ئور) بەوە ناسرابوو: ئەو ساڵەی سیموررووم وێرانکرا. یەکەم ساڵی پادشاکانیش بەوە دەناسرا: ئەو ساڵەی فلان بووە پادشا. لەحاڵەتێکیشدا ڕووداوێکی گرنگ لە ساڵێکدا نەبێت ئەو ساڵە وا ناودەنرێت: ساڵی دوای ئەو ساڵەی فلانە شت کرا، بۆ نموونە ساڵی ٣٤ی شولگی ئەمە ناوی بوو: ئەو ساڵەی ئانشان وێرانکرا، ساڵی ٣٥ یش ئەمە ناوێتی: ساڵی پاش ئەو ساڵەی ئانشان وێرانکرا.

لە سەردەمی کاشییەوە بەدواوە (واتە سەدەی ١٦پ.ز بەدواوە) مێژوودانان بەپێی ژمارەی ساڵەکانی حوکمی پادشایان بوو، واتە دەوترا ساڵی سێیەمی حوکمی پادشا (س)، ساڵی چوارەم، ساڵی پێنجەم[١٤]. لەلایەکی ترەوە شێوازی ئاشوری هەبوو کە پێی دەوترا (لیممو) کە پێشتر باس کرا.

دوکتۆر بۆ ئەو شێوازەی مێژوودانان تەعبیرێکی سەیر دەنووسێت: قائمة الاوقات الزمنية (١/٥٥٣پەراوێز) واتە: (لیستی کاتە کاتییەکان) یاخود (لیستی کاتە زەمەنییەکان)! کە نەك تەنها ئەو زاراوەیە ناگرێتەوە بەڵکو لەلایەنی زمانەوانییەوە هەڵەو بێواتایە.

ئەمانە ژمارەیەك نموونە بوون لەسەر زاراوەناسی و لە دەرفەتی تردا نموونەی دیکە هەن بخرێنە ڕوو.

## بیبلیۆگرافیای سەقەت

هەبوونی پەراوێز لەژێر نووسیندا نیشانەیە بۆ ئەوەی کە نووسینەکەی سەرەوە زانیارییەو پەراوێزەکە سەرچاوەکەیە. جورێکی تری پەراوێزیش بریتییە لەڕوونکردنەوە. جۆری سێیەمی پەراوێزیش ئاماژەیە بۆ سەرچاوە.

نموونەیەك لەسەر جۆری سێیەم ئەمەیە: تۆ دەنووسی:

((لیستی سومەریی پادشایان ٢١ پادشایی گوتیی تۆمارکردووە)).

بۆ ئەم قسەیەش ئەم پەراوێزە دادەنێی :

بۆ ناوی ئەم پادشا گوتییانەو ماوەی فەرمانڕەواییان بڕوانە:

Th. Jacobsen, The Sumerian King List, …p.119-121.

بڕوانە موناقەشەیەک لەبارەی ئەم پادشایانە لە:

W.W.Hallo, Gutium, in, Reallexikon der Assyriologie, 3, pp.708-720.

ئەم دوو جۆرە ئاماژەیە سوودمەندن بەتایبەتی بۆ ئەو کەسەی لەبارەی ئەم بابەتەوە بخوێنێتەوە یان لێکۆڵینەوەیەك ئەنجام بدات.

بۆ زیادە سوودبەخشینیش نووسەر هەن بیبلیۆگرافیایەکی تایبەت بەو بابەتە دەدەن و ئەو سەرچاوانە ڕیز دەکەن کە لەو بابەتە دەکۆڵنەوە.

کتێبەکەی دوکتۆریش پڕە لەم جۆرە ئاماژانەو بۆتە سووکە بیبلیۆگرافییەکی پەرشوبڵاو ، خوێنەری ئاساییش وا دەزانێت نووسەر هەموو ئەو سەرچاوانەی بەکارهێناوە بەڵام ئەگەر هەمان خوێنەری ئاسایی کەمێك لەزانیارییەکان وردبێتەوە دەزانێت کە سەرچاوەی زۆر لەمانە تەنها ئاماژەن. ئەندازەیەکیش لەو پەراوێزو سەرچاوانەش پەراوێزێك نین بۆ زانیارییەك لەکتێبەکە باس کرابن ، بۆ نموونە نووسەر دەڵێت: لاروخی Laroche (وتمان: لارۆش) لەو بەڵگەنامانەی کۆڵییەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی کەوتنی ئالالاخ بەدەستی حیتییەکان:

---

[١٤] لە سەردەمێکی زۆر کۆنتر ئەویش ناوەڕاستی هەزاری سێیەم و بۆ بنەماڵەی یەکەمی شاری لاگاش لە سومەر شێوازی ناونانی ساڵەکان بەپێی ژمارەی حوکمی پادشا هەبوو. بۆ هەموو ئەمانە بڕوانە: طه باقر، مقدمة، ل١٤٤ بەدواوە.

E. Laroche , Catalouge Des Texts Hittites, Etudes et Commentaires , 75, No.9, (1971).

نووسەر لێرەدا باسی ئەو بەڵگەنامانەمان بۆ ناکات واتە زانیاریمان پێ نابەخشێت بەڵکو تەنها سەرنجمان بۆ سەرچاوەیەك رادەکێشێت (ئەویش ئەگەر ئاماژەکە راست بێت .. ئەوەیان نازانم چونکە سەرچاوەکەم لا نییە) کتێبەکەش وەك وتم پڕە لەم جۆرە ئاماژانە بە جۆرێك دەتوانین وەك سووکە بیبلیۆگرافیایەکی بزانین بەو جۆرەی ئەو هەستەمان بۆ دروست دەبێت کە نووسەر تەنها ویستویەتی کتێبەکە بە سەرچاوەی بێگانە ((برازێنێتەوە))!

بیبلیۆگرافیا بۆ خۆی شتێکی باش و پێویستە بەڵام نەك بەو جۆرە لای نووسەر هەیە چونکە:

١-بەشی زۆری ئەو سەرچاوانەی بەم جۆرە ڕیز کراون نووسەر نەیبینیون بەڵکو ناوەکانیانی لەسەرچاوەی ترەوە دەرهێناوە.

٢-لەبەر ئەوەشە نووسەر کەوتۆتە هەڵەی زۆرو زۆرکات ئەو سەرچاوەیەی ناوی نووسیوە گوایە باسی (س) لەشتەکان دەکات لەڕاستیدا باسی(ك)ی کردووە.

هەر سەبارەت بە ((ڕازاندنەوەی)) کتێبەکە بەسەرچاوەی بێگانە دەبینین نووسەر زیاد لەپێویست ناوی تەواوی کتێبەکان یان بابەتەکان دووبارە دەکاتەوە بۆ نموونە زۆربەی کات ناوی گۆڤاری "لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی نزیك" Journal of Near Eastern Studies بەکاملی دەنووسێتەوە لەکاتێکدا ئەوەی پسپۆران دەیکەن بریتییە لەبەکارهێنانی کورتکراوە، کە لەم حاڵەتەدا JNES ـەو کە لەپیتە یەکەمەکانی ناوی گۆڤارەکەوە هاتووە (دوکتۆر ئەمەی لەچەند شوێنێکدا نووسیوە). بۆ هەموو ئەو گۆڤارو کتێبانەی لە لێکۆڵینەوەکە دووبارە دەبنەوە کورتکراوەی دیاریکراو بەکاردێن و پسپۆڕان لەسەر ئەو کورتکراوانە کۆکن، بێگومان لەگەڵ هەندێك جیاوازی. بۆ نموونە بۆ کتێبی Hurrians and Subarians هەیە (HaS) بەکاردەهێنێت و هەیە (HS) دەنووسێت.

گرنگ ئەوەیە لیستێکی کورتکراوە هەیەو پێویست ناکات نووسەرەکە هەموو جارێك ناوی تەواوی کتێبەکە یان گۆڤارەکە دووبارەبکاتەوە. بەڵام وەنەبێ دوکتۆر هەمیشە بەدووروودرێژی ناوی سەرچاوەکانی نووسیبێت بەڵکو دەبینین زۆر جار سەرچاوەکان بە هەردوو شێوە درێژو کورتەکەیان نووسراون و جاری واشە تەنها کورتکراوەکە دەبینین، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دوکتۆر ئەو سەرچاوەیەی لە سەرچاوەیەکی ترەوە ((بردووە)) و لە سەرچاوە ئەسڵییەکەدا بە کورتکراوەیی هاتووەو دوکتۆر بۆ ئەمانە ناوی تەواوی دەستنەکەوتووە.

نووسەر نەك تەنها سەرچاوەکان بەڵکو هەروەها ناوی بابەتەکانیش دووبارە دەکاتەوە ، بۆ نموونە بابەتێکی (شترێك) هەیە (بە ئەڵمانی) بەم ناونیشانە :

M.Streck, Das Gebiet der heutigen Landschaften Armenien, Kurdistân, und Westpersien nach den babylonisch-assyrischen Keilinschriften; ZA, 15, 1900.

نووسەریش کەم جار نەبێت دەنا بەردەوام ئەم ناوە دووروودرێژە دەنووسێتەوەو جاری واشە ناوی تەواوی گۆڤارەکەش هەروەها دەنووسێت

جگە لەوەش ناوی گۆڤارە ئەڵمانییەکە ، واتە ZA بریتییە لە:

Zeitschrift für Assyriology und verwandete Gebiete

(ئاسیریۆلۆگی) یان (ئاسیریۆلۆجی) یان (ئاشورۆلۆجی) ئەو زانستەیە کە تایبەتە بە (مسماریات)، وشەی (Gebiete)یش واتای (هەرێم)ی هەیە بەڵام لێرەدا مەبەست لەواتاکەی ترە واتە (بوار)، بەم جۆرە ناوی گۆڤارەکە بریتییە لە (گۆڤاری ئاشۆرۆلۆجی و بوارەکانی نزیکی) نەك (لێکۆڵینەوەی ئاشوری و شوێنەواری رۆژهەڵاتی نزیك) وەك د. جەمال (١/ل١٢٩) نووسیویەتی، ئەم هەڵەیەش لە نووسینەوەیەکی هەڵەی ناوی گۆڤارەکەوە سەرچاوەی گرتووە چونکە دوکتۆر ناوی گۆڤارەکە لەشوێنی تردا (بۆ نموونە:١/ل٥١٠) بەهەڵە وا دەنووسێت:

Zeitschrift für Assyriology und Vorderasiatische Archäologie.

دوو وشەی دوایەمین واتە: Vorderasiatische Archäologie واتە شوێنەوارناسیی رۆژهەڵاتی نزیك.

لەخوارەوەشدا چەند نموونەیەکمان هەیە لەسەرئەوەی نووسەر سەرچاوەکانی ریز کردووەو کارێکی سەقەتی بیبلیۆگرافیای کردووە، ئەو رەخنانەی خوارەوەش لەبیبلیۆگرافیا لەهەمان کاتدا رەخنەیە لەزانیارییەکانیش، ئەوەش دووبارە دەکەمەوە کە هەر سەرچاوەیەك لای خۆم هەبێت هیچی لەبارەوە ناڵێمو ئەگەر لام نەبێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە نیمە، هەر قسەیەکیش لەسەر زانیارییەك سەرچاوەکەیم لا نەبێت لەرێگەی سەرچاوەی ترەوە دەبێت:

نووسەر باسی ئەو لێکۆڵەروانە دەکات کە دوو نازناوی (سوباری)و (خورری)یان بەهاوجووت زانیبوو و کە دواتر ناوی (خورری) زاڵ بوو و بەم پێیە (خورری)یان لەلێکۆڵینەوەکانیاندا بەکاردەهێنا ئەویش لەجیاتی (سوباری)و دەڵێت گرنگترین ئەو لێکۆڵینەوانە کتێبەکەی (گیرنوت ویلهلم)و ئەو لێکۆڵینەوەیەی (میخالۆفسکی) لەگۆڤاری (لێکۆڵینەوەی ئاشوری‌و شوێنەواری رۆژهەڵاتی نزیك) بڵاوی کردۆتەوە (١/١٢٨-١٢٩).

وەرگێرانە عەرەبییەکەی کتێبەکەی (ڤیلهێلم)م لایەو کتێبەکە لێکۆڵینەوەیەکی گشتییە لەسەر خوررییەکان نەك ((گرنگترین لێکۆلینەوەیە لەبارەی هاوجووتیی نازناوی خورری‌و سوباری)) وەك دوکتۆر نووسیویەتی.

بۆ بابەتەکەی میخالۆڤیسکیش، جگەلەوەی ناوی گۆڤارەکە بە هەڵە نووسراوە خوێنەر دەتوانێت ئەو پرسیارە بکات کە چۆن لەو هەموو لێکۆڵینەوانە لەبارەی خوررییەکان تەنها ئەمو کتێبەکەی ڤیلهێلم ناوبراون. پرسیارێکی تریش ئەوەیە چۆن بابەتێکی هەشت لاپەرەیی دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی هەرە گرنگ لەبارەی خوررییەکان ، کە زانیارییەکی زۆر لەبارەیانەوە بڵاوکراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوە هەشت لاپەڕەییەش بەم جۆرە لەکتێبەکەی دوکتۆردا نووسراوەتەوە(ئەوەی دوکتۆر نووسیویەتی دوو سێ هەڵەی تێدایەو ئەوەی خوارەوە ناوونیشانە تەواوەکەیە):

**P.Michalowski, The Earliest Hurrian Toponymy: A New Sargonic Inscription , ZA (N.F), 76 ,1986 ,pp.4-11.**

وتمان ئەم لێکۆڵینەوە ((هەرە گرنگە)) تەنها هەشت لاپەڕەیە (لەگەڵ چوار وێنە بەجیا)و لەو هەشت لاپەڕەیە نزیکی دوو لاپەڕە پێشەکیی باسی ئەو دوو لەوحەیە کە لەو بابەتەدا بڵاوکراونەتەوەو زیاد لەدوو لاپەڕە هێماگۆڕینەو دواتر موناقەشەی دەقەکەیەو تەنها لەلاپەڕەو نیوێك باسی شوێنەکانە. پاشان هەر لەناوونیشانەکەوە دیارە باسی دەقێکەو دەقەکە باس لەناوی شوێن دەکات (Toponymy) نەك لێکۆڵینەوەیە لەبارەی زاڵ کردنی وەسفی (خوررییەکان) بەسەر (سوبارییەکان) کە ئەم شتە لەو بابەتەدا نە لەنزیك‌و نە لەدوور باس نەکراوە.

میخالۆڤیسکی دەڵێت: مەبەستی ئەم بابەتە تەواوکردنی بڵاوکردنەوەی نوسخەکانی سەردەمی بابلیی کۆنە کە هی نووسینە سارگۆنییەکانی شاری (نیپپور)ن کە لەمۆزەخانەی زانکۆ لەفیلادێلفیادان (ل٤)، دوو دەقەکەش بە هی نارام سین یان یەکێك لەجێنشینەکانی زانراوە (ل٤)و بریتییە لە لیستی ئەو شوێنانەی چۆکیان پێدادراوە (ل٥).

بەکورتی چ شتێك لەوەی نووسەر لەبارەی بابەتەکەی میخالۆڤسکی‌و گۆڤارەکەوە نووسیویەتی راست دەرچوو؟

نموونەی تر لەسەر بیبلیۆگرافیای هەڵە ئەوەیە نووسەر پاش قسەی سەرەوەی دەڵێت: گێلب لەپەنجاکانی سەدەی بیستەمەوە بەپێی ئەمە دەجووڵایەوە (واتە زاڵکردنی ناوی خوررییەکانی بەسەر ناوی سوبارییەکان) پاش ئەوەی لەژمارەیەك لێکۆڵینەوە لەچلەکاندا نازناوی سوباری لەگەڵ خورریدا هاوجووت کردبوو (١/١٢٩) نووسەر لەپەراوێزدا ناوی دوو بەرهەمی گێلب دەنووسێت :

-Hurrians and Subarians (1944).

-New Light on Hurrians and Subarians (1956), pp.378-392.

هەروەها بابەتێکی تر کە لام نییە .

راستییەکەش تەواو پێچەوانەی قسەکانی دوکتۆرە چونکە ((بەرهەمەکانی چلەکانی سەدەی بیست))ی گێلب بریتین لەکتێبی (خوررییەکان‌و سوبارییەکان) واتە سەرچاوەی یەکەمی سەرەوە کە تێیدا گێلب ویستوویەتی بیسەلمێنێت کە خوررییەکان‌و سوبارییەکان دوو ئەتنیەتی جیاوازن‌و خوررییەکان دوای سوبارییەکان هاتبوونە

باکووری عیراق (واتە کوردستان) نەك ئەو دوانەی بە نازناوی یەك گەل زانیبێت. گێڵب هەر لەیەکەم لاپەڕەوە دەڵێت کە هیوادارە بیسەلمێنێت لەمەودا تەواو بەڕوونی جیابکرێتەوە نێوان دوو یەکەی ئەتنی کە بەتەواوی لەیەك جیاوازن: سوبارییەکان (..)و خورریيەکان[١٥] سەبارەت بە بەرهەمەکانی ((پەنجاکانی سەدەی بیست))ی گێڵبیش سەرچاوەی دووەمی سەرەوە هەیە واتە ((تیشکێکی نوێ لەسەر خورریيەکان‌وسوبارییەکان))[١٦] کە تێیدا هەمان رای کۆنی دووبارە کردۆتەوە هەرچەندە زانیاریی نوێ هاتبووە ئاراوە سەبارەت بە هەبوونی پێشتری خورریيەکان لەناوچەکەدا (نووسینەکەی تیش ئاتال) کە ،بەبڕوای ئەو، ئەو وێنەیەی لەکتێبی پێشوویدا کێشابووی (..) بەشێوەیەکی بنەڕەتی ناگۆڕێت.[١٧]

ئەمەش بەڵگەیە کە نووسەری خۆمان دوو بابەتەکەی نەبینیوە یان تەنها لاپەڕەکانیانی هەڵداوەتەوە دەنا وەکو وتم ئەم کتێبەی گێڵب بەوتەی خۆی بۆ یەك شت تەرخان کراوە ئەویش ئەو شتەیە کە رێك پێچەوانەی قسەکانی دوکتۆری لای خۆمانە.

بەڵگەیەکی تر کە نووسەرەکەمان دوو بەرهەمەکەی سەرەوەی نەبینیوە (یان تەنها لاپەڕەکانیانی هەڵداوەتەوە) ئەوەیە باسی قسەیەکی (فنکلشتاین) لەکۆنگرەیەکدا (ساڵی ١٩٥٤)[١٨] دەکاتو پاشان دەڵێت: گێڵب توانی پێش ئەو بە نیو سەدە ٢٩ ناوی کەسی رێکبخات کە دەتوانرێت بە ناوی سوباری پێناسە بکرێن‌و لەناویاندا پێنج کەس وەك سوباری ناسران (٤٣٦/١). دوکتۆر ناوی بابەتێکی فنکلشتاین دەنووسێت.[١٩]

نیو سەدە پێش ساڵی (١٩٥٤) دەکاتە دەوروبەری ساڵی ١٩٠٤ و ١٩٠٥ بەڵام ئەم جیاکردنەوەیەی ناوە سوبارییەکان لەلایەن گێڵبەوە ساڵی (١٩٤٤) بوو کە ساڵی دەرچوونی کتێبەکەیەتی ئەویش بەو جۆرە نییە کە نووسەر باسی دەکات بەڵکو گێڵب ٢٩ ناو لەهەردوو سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور)و بنەماڵەی یەکەمی (بابل) جیادەکاتەوە کە ٢٣ ناو لەمانە بە$SU^{(KI)}$ یاخود بە $SU.A^{KI}$ وە ناونراون (واتە وتراوە فلانەکەسی سەر بە (سو) یان (سوئا) ) پێنج ناویش هی پێنج کەس کە بە شوبارییو Šubarijū ناسرابوون.[٢٠]

بزانین فنکلشتاین، کە دوکتۆر ناوی بابەتەکەی ئەوەی نووسیوە، چی دەڵێت: فنکلشتاین بێگومان باسی نیو سەدە ناکات، هەروەها کاتێك باسی گێڵب دەکات دەنووسێت: گێڵب توانی تەنها ٢٩ ناوی کەسی کۆبکاتەوە کە دەکرێت بەم شێوەیە یان بەو شێوەیە پێیان بوترێت (ناوی) سوباری. لەم کەسانەش تەنها پێنج بە ئاشکرایی وتراوە شوبارو Šubarū.[٢١]

---

[15]HS, p.iii.

[16]I.J.Gelb, New Light on Hurrians and Subarians, Pubblicazioni dell'Istituto per l'Oriente, Nr.52, Studi Orientalistici in Onore di Giorgio Levi della Vida, Vol.1, Roma, 1956, pp.378-392.

[17]Ibid, p.382.

[١٨] دوکتۆر نووسیویەتی کۆنگرەی ٤٣ یەمی رۆژهەڵاتناسان، راستەکەشی کۆنگرەی ٢٣ یەمی جیهانیی رۆژهەڵاتناسان. دوکتۆر سێ دێڕ بە ئینگلیزی نەقڵ دەکاتو دەڵێت فنکلشتاین ئەمەی لە کۆنگرەکە وت. مەعلوومیش نییە ئەوەی وتبێت چونکە فنکلشتاین بۆ خۆی نووسیویەتی کە کرۆکی ئەو بابەتەی لەو کۆنگرەیەدا پێشکەشی کرد (ل ١ی بابەتی فنکلشتاین-بڕوانە خوارەوە). ئەو سێ دێڕەش سێ دێڕی یەکەمی بابەتەکەی فنکلشتاینن‌و شتێکی بێواتاو بێپاساوە کە دوکتۆر نەقڵی کردوون.

[19]J.J.Finkelstein, Subartu and Subarians in Old Babylonian Sources, JCS, 9, 1959, p.1.

دوکتۆر نووسیویەتی ل ٧ ئەمەش هەڵەیە. دوکتۆر ناوی تەواوی گۆڤارو شوێنی دەرچوون‌و وڵاتەکە دەنووسێت کە وتمان هەمووی زیادەیە چونکە ئەم سەرچاوانە بە کورتکراوی دەنووسرێن.

[20]HS, p.107.

j لێرەدا i نووسراوەو خەتی چەماوەی لەژێردایە. ئەم دوانەش یەك شتن‌و چونکە ئەو هێمایەم نییە لە کۆمپیوتەرەکەم j م دانا.

[21]Ibid.

ئینجا لەمەوە هەقە بپرسین: واتای قسەکەی دوکتۆر چییە کە دەڵێت: ٢٩ ناوی کەس بە سوباری بزانرێتو لەم ٢٩ ناوە پێنجیان وەك کەسی سوباری ناسران؟ لەبەر ئەوەی دوکتۆر نەیزانیوە باس لە چی دەکرێت نەشیزانیوە خۆی باسی چی دەکات.

٣ – نووسەر (١٢٩/١-١٣٠) دەڵێت بەسەرهاتەکانی خوررییەکان لەرێگەی دوژمنەکانیانەوە نووسراونەتەوەو پاشان باسی(سپایزەر) دەکات کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردۆتەوەو لەپەراوێزدا یەکێك لەم لێکۆڵینەوانە دەژمێرێت ئەویش بابەتی:

**E.Speiser, Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today, AASOR, 8, pp.1-33.**

ئەمە دەریدەخات نووسەر ئەم بابەتەی بە هیچ شێوەیەك نەدیوە چونکە ئەم بابەتەی سپایزەر باس لەخوررییەکان ناکات بەڵکو هەمووی بۆ لەشکرکێشییەکانی پادشای ئاشوری ئاشورناصیرپالی دووەمە دژ بە زاموا (وڵاتی لوللو) کە ساڵانی (٨٨١ و٨٨٠)ی پێش زاین روویان دابوو و نە لەدوورو نە لەنزیك باسی خوررییەکانو دوژمنەکانیان نەکراوە *(مەگەر ئاماژەیەکی وەکو ئەوەی ناوی کێوێکی‌وڵاتی زاموا ئەویش (بیدیرگی) کە سپایزەر برگەی (ئیرگی)ی ناوەکەی لەگەڵ ناوی خورریی ئافرەت لەدەقەکانی (نوزی) ئەویش (وینیرگی) بەراورد کردووە)*. کەسێکی پسپۆر لەم بوارەدا هەر بە ناوونیشانەکە دەزانێت بابەتەکە لەبارەی خوررییەکان نییە چونکە کاتی ئاشورناصیرپال ناوی خوررییەکان نامێنێتو تەنها پاشماوەکانیان دەمێننەوە.

جگە لەمەش نووسەر بۆ ئاماژە بەو گۆڤارەی بابەتەکەی سپایزەری تێدا بڵاوبۆتەوە دەنووسێت:**AASOR IV,VIII** واتە بەرگی چوارەمو هەشتەمی گۆڤاری **AASOR** (کە ئەمە کورتکراوەی ناوی گۆڤارەکەی سەرەوەیە) ئەمە لەکاتێکدا ئەو بابەتە تەنها لەبەرگی هەشتەمی گۆڤارەکەدایە.

٤- نووسەر دەڵێت ینسین **Jensen** یەکەم کەس بووە زمانی خوری لێکبداتەوە ئەویش ساڵی (١٨٩٠)و دوایی کەسانی تر شوێنی کەوتن(١٣٩/١)و لەپەراوێزدا ناوی دوو سەرچاوە دەنووسێت بۆ ئەو کەسانەی شوێنی یانزن کەوتن ئەوانیش **Brunnow** و **Sayce**.

ئەو سەرچاوانەشم لا نییە کەناوی بردوون بەڵام تەماشای ئەو سەرچاوانە بەو شێوەیەی دوکتۆر نووسیونی بکە دەبینی ئەوەی یانزن لەگۆڤاری **ZA** ژمارە(٥)و (٦) بووە کەچی بابەتەکانی دوو کەسەکەی تر کە "شوێنی کەوتبون" لەهەمان ژمارە (٥)دان، بەم جۆرە سێ بابەت لەژمارە (٥)دان، واتە یەك بابەتی یانزنو ئەوانەی برونۆف و سایس لەو ژمارەیەدا یەك بەدوای یەکدا هاتوون! جگە لەوەش گەڕامەوە بۆ کتێبەکەی گێڵب (**Hurrians and Subarians**) کە دەڵێت: ساڵی ١٨٨٦ لەوحەکانی (تل العمارنة) دۆزرانەوە (کە یەکەم نووسینی خورریی ناسراویان تێدا بوو)و هەر زوو چەند هەوڵێکی سەربەخۆ دران بۆ کردنەوەی نهێنییەکانی نووسینەکە ئەویش لەلایەن یانزنو برونۆف و سایس[٢٣]، واتە نەك تەنها لەیەك کاتدا نووسراونەتەوە بەڵکو هەروەها هەر نووسەرێك لەمانە بە سەربەخۆیی نووسینەکەی ئەنجام داوەو کەس بەدوای کەسدا نەهاتووە.

٥- لەهەمان لاپەڕەو لاپەڕەی پێشوودا نووسەر بەهەمان کاری بیبلیۆگرافیای سەقەت ناوی سێ سەرچاوە دەباتو دەڵێت: لێکۆڵینەوەی باشی سەر بە زمانی خوریو رێزمانەکەی لەم لێکۆڵینەوانەدا هەیە. یەکێك لەو سەرچاوانەی ناوی بردوون ئەمەیە:

**I.Parrot, J. Nougayrol; un document de fondation hurrite, RA, LII, 1-2, 1948.**

---

[22] **E.A.Speiser, Southern Kurdistan in the Annals of Ashurnasirpal and Today, in; AASOR, VIII, 1928, p21n 38.**

[23] **HS, p.2.**

یەکەم شت بیڵێم ئەوەیە ناوی سەرچاوەکە شێواوە چونکە ژمارە (LII) واتە (٦٢) بەڵام ئەمە راست نییە چونکە ئەو ژمارەیە (٤٢) ـە هەروەها ل(١-٢) نییە بەڵکو (١-٢٠) کە لەوە دەچێت هەڵە نەقڵکردن یان چاپە، بابەتەکەش لەبارەی نووسینەکەی تیش ئاتال (تیشاری)و پەیکەری شێرەکەی، دەقەکەش کورتە چونکە تەنها (٢٥) وشەیە ، راستە موناقەشەی دەقەکە کراوەو هەندێك شت لەبارەی زمانی خووری وتراوە بەڵام ئەمە بایی ئەوە نییە بکرێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بیبلیۆگرافیایەك بۆ ((لێکۆڵینەوەی باش لەبارەی زمانی خوررییەوە)).

٦- یەکێك لەئامازە بیبلیۆگرافییەکان سەبارەت بە پشکنین ئەمەیە:

**R. Braidwood , Mattarah , Journal of Near Eastern Studies, XI, 1-75 (1952).**

واتە بابەتی (مەتتارە) لەنووسینی (برێدوود)ـە بەڵام راستەکەی ئەوەیە ئەو بابەتە لە نووسینی ئەو نییە بەتەنیا بەڵکو بابەتەکە بەم جۆرەیە:

أ – برێدوود پێشەکییەکەی نووسییەوە (ل٢ – ل٤).

ب – دوو بەش لەنووسینی دوو کەسی تر.

ج- ئەنجامەکان لەنووسینی برێدوودو ژنەکەی.

جگە لەمە دەبوایە دوکتۆر بینووسیایە (٢-٧٥) واتە لەلاپەڕە (٢) تا (٧٥) نەك (١-٧٥) واتە لەلاپەڕە (١) تا لاپەڕە (٧٥) چونکە لاپەڕەی یەکەم پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە لەبەرئەوەی ئەولاپەڕەیە بەرگی ناوەوەی گۆڤارەکەیە!

٧- وتمان گۆڤاری سەرەوە بە JNES کورت دەکرێتەوە. نووسەر (١٧٨/١) ژمارەیەکی تری گۆڤارەکە دەنووسێت ئەویش لەباسی چەند شوێنێكو بەم جۆرە: دوکتۆر باسی هەرێمی جەزیرە دەکاتو دەڵێت ناودارترین نیشتەجێی هەرێمەکە بریتییە لە نیلابشینو Nilabšinu کە دەتوانرێت بە (لیلابسینوم) بخوێنرێتەوە. لە پەراوێزیشدا نووسەر دەڵێت بۆ ئەو ناوە بچۆرەوە سەر ژمارە (٥)ی ئەو گۆڤارە (ساڵی١٩٤٦)، لاپەڕە (١٦٧) پەراوێز ژمارە (٢٢).

نووسەری ئەو بابەتەی گۆڤارەکە کە پسپۆڕێکی ناودارەو (گوتزە)ی ناوە باس لەشوێنی ناودار ناکات بەڵکو باس لەهەڵەمەتێك دەکات هەروەها باسی ناوی نیلابشینی Nilabšini دەکات کە لەگەڵ چەند ناوێکی تردا هاتووە، لەپەراوێزی ژمارە (٢٢)ش کە دوکتۆر ئامازەی بۆ کردووە (گوتزە) دەڵێت ئەم نیلابشینییە بەڕوونی دیارە کە هاوجووتە لەگەڵ لیلابسینوم $^{\circ}$Li-la-ab-si-núm$^{ki}$ کە لە لەوحەکانی (تەل براك)دا هاتووە .. تاد

واتە هەڵەیە بوترێت نیلابشینو دەتوانرێت بە لیلابسینوم بخوێنرێتەوە چونکە ئەمە یەك ناوی ناو یەك دەق نییە تا بکرێت بە دوو جۆر بخوێنرێتەوە بەڵکو دوو ناوی جیاوزن لە دەقی جیاوازدا.

نووسەر دوای ئەو قسانە دەڵێت : کە نیلابشینو ئێستا بە (تل براك) ناسراوەو لەرووی تۆپۆگرافییەوە راستەوخۆ (اتصال) ی هەبوو لەگەڵ پادشانشینی خورریی ئورکیش. ئا لێرەشدا سەرچاوەیەکی تر دەنووسێت کە ئەڵمانییەو ئەمە ناونیشانی بابەتەکەیە:

**Nilabšinu und der altorientalische Name des Tel Brak .**

واتە (نیلابشینو و ناوە رۆژهەڵاتییە کۆنەکەی تەل براك)[24] و دوکتۆر تەنها بەو ناونیشانە حوکمی داوە (تەل براك) نیلابشینوی کۆنە. تێبینیی ئەوەش بکە کە دوکتۆر کاتێك باسی بابەتەکەی (گوتزە) دەکات بۆ وشەی (پەراوێز) دەنووسێت Anm کە کورتەی وشەی ئەلمانیی (Anmerkung)ـە ئەمە لەکاتێکدا باسەکەی (گوتزە) بە ئینگلیزییە بۆیە وای بۆ دەچم ئەم زانیارییانەی لە لیستێك سەرچاوەی ئەڵمانییەوە وەرگرتووە. جگە لەوەش دوکتۆر ناوی گۆڤاری JNES بە گۆڤاری لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەردەگێڕێت لەکاتێکدا راستەکەی رۆژهەڵاتی نزیکە!!

---

[24] ناونیشانەکە تەواو نەنووسراوە، دوکتۆر نەیزانیوە کە لە ئەڵمانیدا پیتی یەکەمی ئامرازەکان بە کاپیتاڵ نانووسرێن بۆیە دەنووسێت: Des ، Der هەروەها altorientalische ئاوەڵناوەو لەو زمانەدا پیتی یەکەمی ئاوەڵناو سمۆڵە.

٨-نووسەر (٤٩٨/١) ژمارەی هەمان گۆڤار (هی ساڵی ١٩٤٣) لاپەڕە ١٧٦-١٧٧ دەنووسێت‌و دەڵێت: هەموو ئەم تەوەرە کویستانییە نێوان سومبی‌و سوریکاش ئێستا لەرۆژهەڵاتی شاری سلێمانیدان تا (خانە) لەباکووردا بەردەوام دەبن ئەویش وەکو (رایت) دەڵێت.

منیش لەو دوو لاپەڕەیەدا گەڕام‌و ئەو قسەیەی (رایت)م نەبینی‌و تەنانەت نە ناوی خانەو نە ناوی سوریکاشم نەبینی.

٩- نووسەر (١٣٢/١ پەراوێز ٢٦) دەڵێت: دەربارەی ئەو دەقانەی لەشاری کوریکالزو (راستەکەی: دوور-کوریگالزو) دۆزراونەتەوە بگەڕێرەوە بۆ ژمارە (٢٩)ی گۆڤاری سومەر:

O.R. Gurney , Further Texts from Dur-Kurigalzu, Sumer, vol., IX, 1953.

چوار هەڵەش لەناوی نووسەرو سەرچاوەکە کراوەو ئەوەی سەرەوە ناوی تەواوە ، هەروەها ژمارەی لاپەڕەکان نەنووسراون کە لاپەڕە (٢١) تا (٣٤) لەگەڵ (١١) پلێت (پلێت پەڕەیەکی جیایەو بۆ وێنەکان تەرخان دەکرێت).

گرنگتر لەمە ئەوەیە تەعبیری (النصوص المکتشفة)ی دوکتۆر واتای ((هەموو دەقەکان)) دەگەیەنێت بەڵام وەك لەناوونیشانەکە دیارە بابەتەکە لەسەر ژمارەیەك دەقەو پێشتر دەقی تر بڵاوکراونەتەوە ، ئەوەتاش نووسەری بابەتەکەی گۆڤاری سومەر (ل٢١) خۆی دەڵێت ئەو (٢٩) لەوحەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە باقی ئەو لەوحانەیە کە ساڵی ١٩٤٨ لە بەغدا ئیستنساخ کردن‌و (١٥) لەوحە یەکەمەکەش لە گۆڤاری Iraq ..تاد زووتر بڵاوکراووبوونەوە.

١٠-نووسەر (١٤٣/١) باسی یەك پارچە لەوح دەکات کە (لاخمان) لەگۆڤاری (سومەر)دا بڵاویکردۆتەوە، ئینجا ئەم سەرچاوەیە دەنووسێت:

E.R Lacheman , Tablets from Arraphe and Nuzi in the Iraq Museum, no.8.

نووسەر وا بەرەهایی‌و بێ پێشکەشکردنی زانیاری تر ناوی سەرچاوەکەی نووسیوە واتە نە ساڵ‌و نە ژمارەی لاپەڕەکانی نووسیوە.

ئەم باسەش لەژمارە (٣٢)ی گۆڤارەکەیە نەك (٨)، لەلاپەڕە (١١٣-١٤٨)ی بەشی بێگانە بڵاوبۆتەوە . لەناوونیشانەکەشەوە دیارە باس لەیەك دەق نییە چونکە (لاخمان) ناڵێت a tablet بەڵکو tablets، ئینجا ئەگەر تەماشای بابەتەکە بکەی دەزانی لاخمان نۆ دەقی وەرگێڕاوە لەگەڵ یەك دەقی تر کە تەنها نووسینە مێخییەکەی داناوە[25].

١١- نووسەر (٨٧/١-٨٨) باس لەپشکنینەکانی (رایت)و (بروس هاو) لە(چەرموو) دەکات‌و ناوی ئەم سەرچاوەیە دەنووسێت:

H.E Wright, B.Howe, Preliminary Report on Soundings at Barda Balka, Sumer, VII, no.2, 1957, pp.107–118.

پێویست ناکات بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکە تا بزانێت باسەکە لەبارەی پشکنینە لە(بەردەبەڵکە) نەك (چەرموو) چونکە ناوونیشانەکە ئەمە بە ئاشکرایی دەڵێت بەڵام ئێمە گەڕاینەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەو ژمارەیەك هەڵەی ناوی سەرچاوەکەمان چاك کرد (ئەوەی سەرەوە چاککراوە) هەروەها دوو نووسەرەکە واتە (ڕایت)و (هاو) دەڵێن دۆزراوەکان لەتوخمەکانی ئاشولی‌و تایاسی‌و موستیری دەچن (ل ١٠٩) بەڵام نووسەر دەڵێت هی سەردەمی موستیری دۆزراوەتەوە. لەهەمان ئەم ژمارەیەی (سومەر)یشدا دوو بابەت لەسەر (چەرموو) لەنووسینی (برێدوود)و ژنەکەی هەیە. هیواداریشم ئەوەی نووسەر هەڵەی تەعبیرەو مەبەستی لە بەردەبەڵکە بێت کە پێشتر باسی کردووە نەك چەرموو.

---

[25] وەکو هەموو جارێك دوکتۆر ئامرازەکان کە پیتی یەکەمیان بە سمۆڵ دەنووسرێن بە پیتی کاپیتاڵ دەنووسێت: The.. From..In.

١٢- نووسەر (١٧١/١ پ ١٠٩) زانیارییەك دەنووسێت پاشان لەپەراوێزدا دەڵێت: بۆ ئەنجامەکانی ئەم پشکنینانە تەماشای ئەو لێکۆڵینەوانە بکە کە لە گۆڤاری (لێکۆڵینەوە ئەنادۆلییەکان)دا بڵاوکراونەتەوە. ئینجا ناوی پێنج بابەت دەنووسێت کە لەڕاستیدا سیانن چونکە دووبارەیان تێدایەو بەم جۆرە؛ یەکەم سەرچاوە ئەمەیە:

**P. Hulin, New Hurrian Inscriptions from Adlicevaz, Anatolian Studies, IX (1958).**

دوای ئەوەش هەمان ناوی نووسەرو بابەت دەنووسێتەوە بەڵام لەجیاتی **Anatolian Studies** دەنووسێت **AS** کە هەمان شتە چونکە ئەمیان کورتکراوەی ناوی گۆڤارەکەیە. جاری یەکەم ژمارەی لاپەڕەیە نەنووسیوەو جاری دووەم دەینووسێت.[٢٦]

بابەتێکی تری پەراوێزەکەی دوکتۆر هی هەمان نووسەرەو لەژمارەیەکی تری هەمان گۆڤاردایەو دوکتۆر بەهەمان شێوە ناوونیشانی بابەتەکەو ناوی گۆڤارەکەی سەرەوە دوو جار دەنووسێت ، جارێك بەناوی تەواوی گۆڤارەکەو جاری دووەم دەنووسێت **Ibid** (واتە: هەمان شوێن)و دیسان لێرەشدا یەکەم جار ژمارەی لاپەڕە نانووسێتو جارێکی تر دەینووسێت.

ئەم دووبارەکردنەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نووسەر تەنها لەملاو لەولا ناوی سەرچاوەو بابەتی نەقڵ کردووە ، لەشوێنێك ناوی گۆڤارەکە هاتووەو نەقڵی کردووەو لەشوێنێکی تر ناوی هەمان گۆڤار هاتووە بەڵام بە کورتکراویو ئەو دیسان نەقڵی کردووە، هەمووشی بۆ یەك زانیاریو لەیەك پەراوێزدا.

١٣- نووسەر (٤٤٢/١ پ٢٥) دەڵێت: ((لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەندامانی بیعسەی فەرەنسی نزیکەی بیست هەزار لەوحی مێخییان لەکتێبخانەی کۆشکی (زیمری لیم) لەشاری (ماری) دۆزییەوە)) ئینجا دەڵێت: تەماشای ئەرشیفی پادشایانە لە(ماری) بکە :

**Archives Royales de Mari (ARM) II, 21, 17ff.**

هەر کەسێك تەنیا یەك بەشی ئەو ئەرشیفەی (ماری)ی بینیبێت دەزانێت واتای سەرچاوەی سەرەوە بەم جۆرەیە: ئەرشیفی پادشایانەی ماری ، جوزئی دووەم ، نامەی ژمارە ٢١ و ١٧ و ئەوانەی دواتر.

بەم پێیە خوێنەر وا دەزانێت چوونی بیعسەی فەرەنسیو باسی دۆزینەوەی ئەو بیست هەزار لەوحە لەناو ئەو نامانەدا باس کرابێت بەڵام نامەکانی کتێبی **ARM** ئەوانەن کە پێش دەوروبەری ٣٨٠٠ ساڵ پێش ئێستامان بۆ زیمری لیم (پادشای ماری)و یاسماخ ئاداد (کوڕی پادشای ئاشوری شامشی ئادادی یەکەم کە پێش ئەو لەماریدا فەرمانڕەوا بوو)..تاد، نێردرابوون. ئینجا چۆن لە دەقی ئەو نامانەدا کە دەگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری ٣٨٠٠ ساڵ بەر لەئێستا دەوترێت: ((لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ئەندامانی بیعسەی فەرەنسی نزیکەی بیست هەزار لەوحی مێخی لەکتێبخانەی کۆشکی (زیمری لیم) لەشاری (ماری) دۆزییەوە))؟!

لەکتێبێکی چەند بەرگیشدا باس لەپشکنینو ئەنجامەکانی دەبێت لە بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەدا بێت نەك لەبەرگی دووەمیدا، لەوەش زیاتر دەبێت لاپەڕەکانی لەسەرەتای بەرگی یەکەم بێت نەك لەناواخندا. ئایا دەکرێت (وەکو نموونەیەك) کەسێك بەڵگەنامەکانی ئینگلیز سەبارەت بەکوردستانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەچوار بەرگدا کۆبکاتەوەو پاش دەرچوونی بەرگی یەکەم بیری بکەوێتەوە کە نەینووسیوە چۆن ئەو بەڵگەنامانەی دەستکەوتووەو لەبەرگی دووەمدا باسی ئەمە بکات ئەویش نەك لەسەرەتای بەرگەکە بەڵکو لەناوەڕاستدا؟

جگە لەمانەش دوکتۆر لەجیاتی **17, 21ff** (واتە دەبوا یەکەم جار نامەی ١٧ ئینجا نامەی ٢١ بنووسیایە) دەنووسێت **21,17ff** ، ئەمەش بچووکترین بەڵگەیە لەناو ئەو بەڵگانەی کە دوکتۆر ئەو سەرچاوەیەی نەدیوە.

١٤- گۆڤاری (**BASOR**) هەیە کە کورتکراوەی ئەمەی خوارەوەیە:

---

[٢٦] دوکتۆر ژمارەی لاپەڕە دەنووسێت: **s.189 ff** بەڵام (**S.**) - نەك **s.** - کورتەیەکی ئەڵمانییە بۆ لاپەڕە ("ل" بەکوردی، "ص" بەعەرەبی) ئەمە لەکاتێکدا بابەتەکە ئینگلیزییە (وەك بەناوەکە دیارە) هەروەها گۆڤارەکە، واتە دەبوا بینووسیایە: **p.189ff**.

**Bulletin of the American Schools of Oriental Research**

نووسەریش (١/٣٩٣ پ٣) هەر بەکاری بیبلیۆگرافیا بەهەڵە دەنووسێت:

**American Schools of Oriental Research, Bulletin No.128: 11-24.**

ئەمەش وەکو ئەوەیە وەزارەتی ناوخۆ گۆڤارێکی هەبێت لەسەر بەرگەکەی نووسرابێت (گۆڤاری ناوخۆ) یەکێکیش دەیەوێت ناوی ئەو گۆڤارە لە پەراوێزدا بنووسێت و لەجیاتی:(گۆڤاری ناوخۆ، ژمارە ١٢٨)دەنووسێت: (ناوخۆ ، گۆڤاری ژمارە ١٢٨). دوکتۆر هەمان شت دەکات (بڕوانە نموونەیەکی تر لە ١/٨٨ پ٤). دوکتۆر لەشوێنی تری کتێبەکەیدا ناوی تەواوی سەرچاوەکە بەدروستی دەنووسێت کە ئەمە ئاشکرای دەکات نووسەر شارەزای ئەو سەرچاوەیە نییەو ناوەکەی لەسەرچاوەی ترەوە وەرگرتووە.

١٥-دوکتۆر (١/٣٢٩) ئاماژە بۆ نامەی دکتۆرای عەبدوڕڕەحمان قاسملو : کوردستان و کورد دەکات. ئەو دکتۆرانامەیە بەچەند زمانێك هەیە وەك کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی.. کەچی دوکتۆر پێمان دەڵێت بگەڕێینەوە بۆ وەرگێڕانەکەی کتێبەکە بە زمانی سلۆڤاکی!

ئەوانەی سەرەوە نموونەیەکی زۆر کەمن لەو کارەی بەدرێژایی کتێبەکەیدا کراوە ، لەلاپەڕەکانی داهاتووشدا شتی زۆرتر دەبینین بەڵام حەزم کرد ئەم بەشە جیابکەمەوە ، واتە کردنی کتێبەکە بە بیبلیۆگرافیا ئەویش بەشێوەیەکی زۆر هەڵەو بە نەقڵ کردنی ناوی سەرچاوە لەم لاو لەولا.